# حکومەتی یەکگرتو و داوای بەدیل لە ئۆپۆزسیۆن

**ئاسۆ کمال**
Asokamal1@aol.com

**مەسعود بارزانی لە ووتەی 8ئایاریدا لە سەر حکومەتی یەکگرتوی پارتی و یەکێتی ووتی "ئەوانەی دژایەتی دەکەن با بەدیل بێنن" . ئەمە یەکەم جارە بارزانی ئەوەندە بەو پەڕی "دیموکراسی" و ڕۆحێکی ڕیازیەوە داوای بەدیل بکات لەو ئۆپۆزسیۆنە جەماوەریەیەی دژ بە دەسەڵاتی یەکێتی وپارتی لە خۆپیشاندانەکان ونەچوون بۆ رفراندۆمی دەستوور خۆی نیشانداوە و هەر ڕۆژەی وەك بورکانی پەنگ خواردوو لەشوێنێکی کوردستاندا دژ بە گەندەڵی ئەم ئیدارانە دەتەقێتەوە. بەڵام ئایا بەڕاست بارزانی ئەم بەدیلە لەو ئۆپۆزسیۆنە جەماوەریە قبوڵ دەکا؟ ئەگەر سەیری لیستی کارەکانی 15 ساڵی تاك دەسەلاتی ئەم میلیشیایانەش نەکەین ئەوا لە گرتنی کەمالی سەید قادر و کوشتنی لاوانی هەلەبجە دەست پێبکەین و سەیری وەلامی ئەم دەسەلاتانە بە داوای خەلکی کوردستان بۆ ئاو و کارەبا و نەهیشتنی گەندەڵی بکەین ئاشکرایە کە بارزانی و حکومەتە یەکگرتوەکەیان ئامادە نىیە ئەم مافە سەرەتایانانە بۆ خەڵك بەرەوا بزانن جا چ جای ئەوەی بەدیلی دەسەڵات لەو ئۆپۆزسیۆنە جەماوەریە قبوڵ بکەن.**

**ئەم قسانەی بارزانی تەنها وەڵامێك و کاردانەوەیەکە بۆ خۆدەربازکردن بەرامبەر بەو فشارەی ئەمڕۆ لەسەر ئەم دەسەڵاتەیانە. بارزانی دەیەوێت حکومەتی یەکگرتوو لەسایەی خۆیدا بەتاکە بەدیلی خەڵکی کوردستان بسەپێنێت و ئەو پەراوێزە کەوتنەوەی ئیدارەکانی ئێستایان و ناڕەزایەتی خەڵك بەرامبەری چارەسەر بکات. بەڵام کامە بنەماکان و پیداویستیەکانی جێکەوتنی ئەم حکومەتە یەکگرتوەیە تاکو بتوانێت وەك دەسەڵاتێکی قانونی و مەدەنی و خاوەن ئایندەی سیاسی و ئابوری تا بتوانێت ئەگەر بەزۆریش بوە ببێتە قەوارە و کیانێکی سەقامگیری سیاسی و قانونی و خاوەن شەرعیەتی نێودەوڵەتی.**

**ئەم حکومەتە یەکگرتوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی کاتی پارتی ویەکیتی دروست بوە و ڕاگرتنی ئەم هاوسەنگی هێزەی ئێستا لەنێوانیاندا وابەستەیە بە فاکتەرەکانی بەشە دەسەلاتیان لە عێراقدا و چۆنیەتی درێژەپیدانی ئیدارەی محەلی کوردستان لەسایەی ئایندەی نادیاری عێراقدا بەپێی نەخشە و سیاسەتێك کە ئەمریکا پەیڕەوی دەکا نەك پرۆسەی بنیات نانی کیانێکی سیاسی و مەدەنی و خاوەن شەرعیەتی نیودەوڵەتی و سەربەخۆ. قسەکانی زەلمای خەلیل زادی نوێنەری حکومەتی ئەمریکی ئەم سنورەی دەسەڵاتی کاتی یەکێتی وپارتی کە بۆ خزمەتکردن بە سەقامگیرکردنی دەسەلات لە عێراقدا و یەکپارچەیی عێراق ڕێگەی پێدراوە بەرۆشنی دەست نیشان کرد. من لەسەر ئەم حکومەتە یەکگرتوە ئەوە بەبارزانی دەڵێم کە ساڵی 1998 لە لەندەن لە کۆڕێکی جلال تالەبانیدا لەسەر ڕێکەوتنامەی واشنتۆن بە تالەبانیم ووت" ڕێکەوتنی ئێوە لەسەر بنەمای ستراتیژی دامەزرانی دەوڵەتێك نىیە لەکوردستان بەڵکو پاشکۆی تاکتیکی ئەمریکایە لە عێراقدا ، هەرکات سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا پێویستی بە ئێوە نەمێنێ ئەم ڕێکەوتنانە نامێنێ " . هەرچەند لەئیدارەی کلتنوندا ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لەجێی خۆی راوحی دەکرد وتەنها ئومێد بە "قانونی ڕزگارکردنی عێراق" ی کۆنگریسی ئەمریکا بەستبوو ، بەڵام شەڕ لە عێراقدا وا فرسەتێکی تری داوەتەوە بەم پیویستی ئەمریکا بە کوردستان و یەکێتی وپارتیش لەسایەی ئەم سیاسەتانەی ئەمریکادا جارێ وەکو "عێراقیە دڵسۆزەکان" ئەرکی گرنگیان خراوەتە ئەستۆ.**

**ئەوەی بارزانی لەتاڵەبانی جیادەکاتەوە لەم دەورەیەدا ئەوەیە کە دەوری بارزانی پەیوەستە بەجێخستنی دەسەڵاتێك لە کوردستاندا کە سەربەخۆییەکی دیفاکتۆی بەدواوەیە لەسایەی وەزعی ناجێگیری عێراقدا و بەم پێیە پارتی ڕۆڵی سەرەکی و باڵادەستی دەبینێ و حکومەتی یەکگرتوو ئەم هاوسەنگیە کاتیە بەقازانجی پارتی دەباتە پێشەوە. ئەمە ستراتیژی پارتیـیە بۆ جێگیرکردن و سەپاندنی باڵادەستی خۆی لە کوردستاندا و کێشەی دەسەڵات لەنێوان دوو هێزی میلیشیایی یەکێتی و پارتیدا ئەستەمە بتوانێت بە ڕێچکەی فیفتی بە فیفتی ئاشتیانەدا بڕواتە پێشەوە و هەر گۆڕانکاریەکی سیاسی لە عێراقدا و بەتایبەت ڕۆچوونی زیاتر بۆ ناوشەڕی ئەهلی و دەستێوەردانی دەوڵەتانی ناوچەکە ئەم وەزعە مۆلەقە بەئاراستەیەکی تردا دەبات.**

ئەگەر ئەمە چوارچیوەی وەزعی سیاسی کوردستان بێت و ستراتیژی هەرکام لە پارتی ویەکێتیش بۆ حکومەتی یەکگرتویان بەم شێوەیە بێت ئەوا ئاشکرایە کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە شکلی ئیدارەی میلیشیایی و حزبیدا ڕونادات و حکومەتی قانون و دەسەلاتی مەدەنی وەك 15 ساڵی ڕابردوو دەبێت. بەتایەت بەوەی شەریکە دەسەلاتی ئەمانە چ لەئاستی سەراسەریدا و چ بە شەریك کردنی ئیسلامیەکانیش لە کوردستاندا جگە لە سەپاندنی یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و سەرکوتی زیاتری داوا و ناڕەزایەتیەکان هیچی تری بەدواوە نابێت. ئەوەی ئێستا یەکیتی وپارتی لەبەرامبەر فشاری ئەمریکا و هێزە سونیەکانی عێراقدا ناچارن بەناوی پێشمەرگە میلیشیا نیە و هێزێکی نیزامیە دیفاع لە خۆیان بکەن دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەمانە هیچ حسابیکی کیانیکی سیاسی و حکومەتیکیان بۆ ناکرێت تاکو ئیدعای پیویستی سوپاش بکەن بۆ حکومەتەکەیان و هێشتنەوەی میلیشیاکانی یەکێتی وپارتی وەسیلەی مانەوەی دەسەلآتی ئەم حزبانەیە و شەرعیەتی ئیدارەکەیان تەنها لەو بەناو فیدرالیزمەدایە کە لەهەر گۆڕانکاریەکی عیراقدا لە ریکەوتنامەی جەزائیر خراپتر بەسەر ئەم دەسەلاتە فیدرالیەدا دێنێت.

15 سالّ واتە نیوەی تەمەنی حکومەتی بەعس ، یەکیتی وپارتی کوردستانیان بەشێوەی نامەدەنیانە و میلیشیایانە بەڕێوە بردوە و ڕەقەمی قیاسی ئەم گەندەڵیەیان لەمێژووی دەسەلاتدارێتیدا شکاندوە و تەنانەت تا ئێستا ئاو و کارەبا و سوتەمەنیان بۆ خەڵك دابین نەکردوە ، کە چی جەنابی بارزانیش دەیەوێت 15 ساڵی تر خەڵك بەدیار دەزگای سەرۆکە وە دابنیشێت تا بزانێت کەی ئەم ئیدارە گەندەڵە دەگۆڕێت. ئیدارەی میلیشیایی حکومەتی یەکگرتوو ،یەکگرتووکردنی دووئیدارەی گەندەڵی پێشوە و هەمان بەدیلی پێشووە. هەربۆیە پێش ئەوەی بارزانی داوای بەدیل لەوانە بکات کە دژایەتی ئەم حکومەتە یەکگرتوەیان دەکات دەکرێت بەدیلی ئەو ئیدارە گەندەلانەی خۆیان بخاتە ڕوو. خەڵکی کوردستان بەتەجروبەی 15ساڵ ئەم بەدیلە گەندەلانەی بۆ دەرکەوتوە و خواستی سەربەخۆبونی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتێکی مەدەنی وسکۆلار و کۆتایی هاتن بەدەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی حاکم تەنها بەدیلی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستانە بۆ دابین بوونی ژیانێکی باشتر و ئایندەیەکی ئاسوودە.

2006/05/10